

# هاوسەرگیرییەکانی خوار تەمەنی یاسایی قەیرانی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن



زۆر جار کۆمەڵناس و دەروونناسان جەختیان لەوە کردووەتەوە کە بۆ چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری پێویستە هەردوو ڕەگەز لە هەموو ڕوویەکەوە بەتەواوی خۆیان ئامادەو تەیار کردبێت، بۆ ئەوەی بتوانن ژیانێکی بەختەوەریان هەبێت. هەروەها لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی یاسایی (١٨ ساڵ) بەپێی یاسا قەدەغە کراوە و سزای توندیشی بۆ دەستنیشان کراوە. بەڵام لە وڵاتانی نەریتی و ئایینی تا هەنووکە ئەوە ڕەچاو نەکراوە و زۆرجار ژیانی هاوسەری بە بچووك و مێرمنداڵی دەستی پێکراوە و زۆربەی ئەو هاوسەرگیرییانەش ڕووبەڕووی شکست و نەهامەتی زۆر بوونەتەوە. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان ڕاو سەنجی خۆیان بۆ چۆنیەتی کێشەکە و ڕێکارەکانی چارەسەری دەخەنەڕوو.

تێکچوونی شیرازەی خێزانی لە ئاستی جیهانیدا ئامارێکی تەکانــدەری هەیــە، بەتایبەتی لە وڵاتانــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت بە ڕێژەیەکی زۆر جیابوونەوەی هاوســەران لە دادگــەکان تۆمار دەکرێــن. هەروەها گرفتــی ئابووری و قەیرانــی کۆمەڵایەتــی و هاوســەرگیری زۆرەملێ و لە تەمەنی نەشــیاوی نایاســایی بە هۆکاری سەرەکیی زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوســەران و خۆکوشتنی ئافرەت دادەنێن.

ماڵپەڕی میدڵ ئیســت ئۆنلاین لە ڕاپۆرتێکدا، باسی لە دیاردەی خۆکوشتن لە عێراق کردووە و لەو چوارچێوەیەشدا باسی لە رەوشــی ئافرەتانی هەرێم کردووە و رایگەیاندووە «بە گوێرەی ئاماری فەرمی لە هەرێمی کوردســتاندا لە ٥ ســاڵی رابردوودا ٥٠٠ ئافرەت کوژراون و٢٠٣١ ئافرەت خۆیان کوشتووە».

لەلایەکــی دیکــەوە بەڕێوەبەرایەتــی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ئاشــکرای کردووە کە هەر لەو ماوەیەدا ٥٠٠ ئافرەت کوژراون و زیاتر لە ٢٠٠٠ ئافرەتی دیکە لە بارودۆخی نادیاردا خۆیان کوشــتووە، زۆرینەشیان لە هەولێر بووە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئامارەکانی دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ئافرەتان لە سلێمانی روویان لە هەڵکشانە.

بە گوێرەی ئاماری فەرمــی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردســتانیش لــە پێنج ســاڵی رابردوودا ژمــارەی ئەو ئافرەتانەی خۆیان کوشتووە، گەیشتووەتە ٢٠٣١ ئافرەت.

ئەگەر بە وردی شــرۆڤەی هۆکارەکانی تاوانی کوشــتن و خوکوشــتنی ئافرەتان بکەین، دەبینین هاوســەرگیری زۆرەملێ و خوار تەمەنی یاســایی (١٨ ساڵ) و گچکە بەگەورە و ژن بە ژنێ سەرەکیترین هۆکارەکانی ئەو تاوانانە بووە. واتا هاوسەرگیری کچانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەگشتی و لەهەرێمی کوردستان بەتایبەتی بۆتە دیاردەیەکی مەترسیدار و هەڕەشە لە ژیانی کچانــی نەوجەوان دەکات، بەپێی ئــەو بەدواداچوونانەی کە لەماوەی چەند ســاڵی رابــردوو ئەنجامدراون هەرێمی کوردستان لەبەرزبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری لەتەمەنە بچووکەکاندا لە ســەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و ئاسیاوی پلــەی دووەمی لــە دوای وڵاتانی کەنــداوی عەرەبییەوە وەرگرتووە، ئەگەرچی لەهەرێمی کوردســتان مارەکردنی نەوجەوانان بەیاســا رێگەپێنــەدراوە، بەڵام لــە دەرەوەی دادگەکان کچانی مێرمنداڵ مارە دەکرێن.



پەرلەمانتار مونا نەبیل قەهوەچی ئەندامی لیژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بەو کێشانە سەرەتا جەخت لــەوە دەکاتەوە کە «شــووکردن لەخوار تەمەنی یاســایی کۆمەڵێك کاریگەری و کاردانەوەی ســلبی دەبێت، چونکە ئەو کچەی لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵی شوو دەکات، هێشتا ئامــادە نەبووە بۆ هاوســەرگیری و ناتوانێت لەگەڵ ئەو واقیعەی کە ڕووی تێکردووە، بە دروســتی مامەڵە بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانێت ئەو بەرپرسیارێتیە هەڵگبرێت کە ڕووی تێدەکات و دەبێتە بەشێك لە ژیانێکی نوێی»، گوتیشی: «من بەشبەحاڵی خۆم پڕۆژە یاسایەکم ئامادەکردووە کە تایبەتە بەو کەســانەی تەمەنی یاساییان تەواو نەکردووە، داوام کردووە، لە دەرەوەی دادگەش ڕێگری لە هاوسەرگیرییان بکرێت، واتە بەپێی ئەو پڕۆژەیاسایەی کە ئامادەم کردووە، پێویســتە هەموو کەسێك لەناو دادگا هاوســەرگیری ئەنجام بدات و بە فەرمی تۆمار بکرێت، چونکــە هەموو مافەکانــی ئافرەت لەنێو گرێبەســتی هاوســەریدا لە دادگە پارێزراو دەبێــت، بەڵام لەلای مەلا ئــەو مافانەی پارێزراو نییە، لەبەر ئەوە پێویســتە هەموو زەواجەکان لە چوارچێوەی دادگا ئەنجام بدرێت».

ئــەو پەرلەمانتارە هێمای بۆ ئەوە کرد کە «هەموو کچێك مافی خۆیەتی شــوو بکات و هاوسەرێکی هەبێت و ببێتە دایــك، بەڵام مەرجــی ئەوەیە لانیکەم تەمەنی یاســایی تێپەڕاندبێت. گوتیشی: «دیاریکردنی تەمەنی یاسایی بۆ هاوسەرگیری یەکێکە لەو پڕەنسیپانەی کە لەسەر بنەمای قازانجی خودی هاوســەران دانراوە و لە زۆربەی وڵاتانی دونیاش کاری پێدەکرێ و دەبێت ئێمەش بە هەموو شێوەیەکی یاسایی ڕێگری لە هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی یاسایی بکەین، بێگومان ئافرەتێك تەمەنی لە خوار ١٨ ساڵ بێت، ناتوانێت خێزان بەڕێوەببات و سەرپەرشتی منداڵ بکات».

پەرلەمانتــار مونا نەبیل نیگەرانی خۆی لەوە دەربڕی کە «هەتا ئێستا هیچ یاسایەك نییە ڕێگری لە هاوسەرگیری خوار تەمەنی هەژدە ســاڵی بکات، بــەڵام من خۆم وەك پەرلەمانتارێك بڕیارم داوە و پێموایە بە هاوبەشــی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەتوانین ئەو یاسایە جێگیر بکەین کە ڕێگری لە هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی یاسایی و لە ژێر هەر بیانوویەکدا بکەین».

لەلای خۆیەوە د. ســەبریە خدر پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی ئافرەتــان و منداڵبــوون و نەزۆکــی، هەمــوو جــۆرە هاوســەرگیرییەکی خوار تەمەنی یاســایی رەتدەکاتەوە و دەڵێت: «زوو شــووکردنی کچ لە ڕووی جەستەییەوە زۆر مەترسیدارە، چونکە بەهۆی بچووکی تەمەن، منداڵبوونی دوادەکەوێــت، یان ئەگەر دووگیانیــش بوو، منداڵدانی بە باشی گەشــەی نەکردووە، ڕەنگە تووشــی لەبارچوونی کۆرپەکــەی بێت. هەروەها ئەو کچانــەی کە بە تەمەنی منداڵی شوو دەکەن، زۆر جار لە کاتی منداڵبووندا بەرگەی ژانی منداڵبوون ناگرن و دووچاری نەشتەرگەری دەبنەوە، بۆیە زانســتی پزیشکی ئەوەی دەرخســتووە کە باشترین تەمەن بۆ هاوســەرگیری و دووگیانبوون تەمەنی ٢٠ تا ٣٠ ساڵییە، واتا چۆن زۆربوونی تەمەنی دایك بێ گرفت نییە، لە هەمان کاتیشــدا بچووکــی تەمەنیش گرفت و کێشەی خۆی هەیە و زۆریش مەترسیدارە».

هەر سەبارەت بە هەمان پرس، چالاکوانی بواری کۆمەڵی مەدەنی و ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی (مینا ئاوەکەڵەیــی) ئەوەی بۆ گۆڤاری گوڵان خســتەڕوو کە

مامۆستا ئەحمەد شافعی ئەندامی لیژنەی فەتوا لە یەکێتی زانایانی ئایینی:

**لە هیچ دەقێکی پیرۆزی قورئاندا نەهاتووە کە بگوترێت کچی بچووک بەشوو بدرێت، یان توندوتیژی دژ بەئافرەت بەکاربێت**

پەرلەمانتار مونا نەبیل قەهوەچی:

**بە هاوبەشی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەتوانین ئەو یاسایە جێگیر بکەین کە ڕێگری لە هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی یاسایی و لە ژێر هەر بیانوویەکدا بکەین**



هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی ١٨ساڵی پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و زانستی هەیە، گوتیشی: «بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە بۆ تێنەگەیشتنی کۆمەڵگە لە مانا راستەقینەکەی هاوسەرگیری دەگەڕێتەوە، بەداخەوە هوشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگە نەگەیشتۆتە ئاستێك کە بزانن هاوسەرگیری پرۆسەیەکی ئەوەندە سانا نییە کە هەموو کەسێك و لەهەموو تەمەنێك بتوانێت ئەنجامی بدات، بەڵکو پێویستە لەسەر بنەمایەك بێت کە هەردوولا بتوانن ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆی خۆیان، کە چۆن بەشێوەیەکی تەندروست لەگەڵ ژیانی هاوبەشیان مامەڵە بکەن» .

مینا ڕایوایە «بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە تەنیا بەرپرسیارێتی ناکەوێتە سەر شانی حکومەت، بەڵکوو ئەرکی هەموو لایەکە کە کار بۆ وشیارکرنەوەی تاکی کۆمەڵگە بکەن و لە خێزانەوە دەست پێ بکەن، چونکە هەتا خێزانێکی رۆشنبیر بەرهەم نەهێنین، ناتوانین کۆمەڵگەیەکی تەندروست بەرهەم بهێنین. هەروەها پێویستە لە پەروەردەوە دەست پێ بکەین و ئەمەش بە بەهێزکردن و گرنگیدان بەبواری پەروەردە بۆ ئەوەی بتوانین لەڕێگەی پەروەردەوە رێگە لەم دیاردە ناتەندروستە بگرێن. هاوکات پێویستە کۆمەڵناسان وتوێژەران لە قوتابخانەکاندا ڕۆڵێکی کارایان هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن گەنجان لە کاریگەرییە سلبییەکانی هاوسەرگیری لەتەمەنێکی زوودا وشیار بکەنەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە پێویستە لەناو پرۆسەی پەروەردەدا بابەتێك بە ناونیشانی (پەروەردەی خیزانی هەبێت) بۆ ئەوەی هەر لە قوتابخانەکانەوە تاك بەرامبەر بە هاوسەرگیری تەندروست و بەرپرسیارێتی خێزانی وشیار بکرێتەوە». گوتیشی: «بێگومان یەکێك لەسەرەکیترین ئاسەوارە خراپەکانی دیاردەی زوو شووکردن و زوو ژنهێنان هەڵوەشاندنەوەی خێزانە، چونکە هەردوولا لەو تەمەنەدا ناتوانن وەك پێویست بەرپرسیارێتی هەڵبگرن و بەهۆی لە یەك تێنەگەشتن ڕووبەرووی هەڵوەشاندنەوەی خێزانی و هەرەسهێنانی ژیانی هاوبەشیان دەبنەوە».

دواتر وشیار کەریم پسپۆڕی ئابووری ئەوەی خستەڕوو کە باری ئابووری بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەو پێش چووە، هەر ئەمەش وایکردووە کە کوڕان و کچان زووتر بیر لەوە بکەنەوە کە بچنە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە. نموونەشی بەوە هێناوە کە «لە سالانی نەوەدەکان و تا سەرەتای هەزارەی سێیەمیش کاتی پرۆسەی ئازادی عێراق باری ئابووری خەڵك زۆر خراپ بوو، هەر لەبەر ئەوە هاوسەرگیری زۆر بەکەمی ڕوویدەداو زۆربەی کوڕان و کچانیش لە تەمەنێکی درەنگ و تەنانەت بەشێکیان تەمەنیان لە سەرووی



سـی و چل ساڵان دەبوو، کە دەچوونە نێو ئەم پرۆسەیە، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی باشتربوونی باری ئابووری پرۆسەی هاوسەرگیری زۆر خێراتر بووە و دەبینین زۆربەی گەنجەکان هێشتا لە قۆناغەکانی زانکۆ قوتابین، کەچی خێزان دروستدەکەن» . ئەو ئابووریناسە گوتی: «زیادبوونی پرۆسەی هاوسەرگیری هۆکاری جیاوازی هەیە، بۆ نموونە جاری وا هەیە کچێك بەرامبەر بەپارەیەکی زۆر بەپیاوێکی بەتەمەن دەدرێت، گەرچی دەگمەنە بەڵام لەو ناوچانەی کە زۆر لەڕووی شارستانییەوە لەئاستێکی نزمدان و دوورن لەشارەکانەوە، حاڵەتی وا ڕوویداوە».

دواتر بۆ هەمان پرس توێژەری کۆمەڵایەتی سیروان عەلی بۆ گۆڤاری گوڵان هاتەئاخاوتن و گوتی: «بێگومان بەرزبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری لەخوار تەمەنی یاسایی کۆمەڵێك ڕەهەندی جیاوازی هەیە، چونکە خۆی لە خۆیدا پڕۆسەی هاوسەرگیری وابەستەیە بە بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی تاکەکەس و زیادبوونی توانا ئابوورییەکانی خێزان، بۆیە هاوسەرگیری پێشوەختە لەچەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووەتە دیاردە و شتێکی باوە، لەوانە سعودیە، قەتەر، ئیمارات، بەحرەین و تەنانەت لە هەرێمی کوردستانیش، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئاستی داهاتی تاك لەم وڵاتانە بەراورد بە وڵاتانی دی زۆر بەرزترە، بەپێچەوانەوە لە وڵاتێکی وەك میسر، یان لوبنان و ئەردەن ئاستی هاوسەرگیری زۆر کەمە و ئەو تەمەنانەی کە هاوسەرگیری تێدا دەکەن، زۆر گەورەیە، لە وڵاتێکی وەك ئەردەن تەمەنی هاوسەرگیری لە سەرووی سی ساڵە، چونکە ئاستی داهاتی تاك زۆر کەمە».

ئەو توێژەرە هاوکات جەختی لەوە کردەوە کە «هاوسەرگیری پێویستی بەبنەمای رۆحی هەیە، نەك تەنیا ماددی، کەچی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تەنیا لایەنە ماددییەکەی زەق کراوەتەوە و ئەگەر بێتو لایەنی ماددی کەسێك بەهێز بێت، ئەوا لەهەر تەمەنێك بێت هاوسەرگیری دەکات، بەڵام لەڕاستیدا ئەو کەسە ئەگەر تەمەنی کەمتر بێت لە هەژدە ساڵ، کوڕ بێت، یان کچ، زۆر ئەستەمە بتوانێت لە گرفتەکانی ژیانی هاوسەری بگات و ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی». گوتیشی: «پرۆسەی هاوسەرگیری لە تەمەنی یاسایی شتێك نییە بتوانرێت بە یاسا ڕێکبخرێت، لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی یاسا و بەپێی شەرع دەکرێت، حکومەتیش ناتوانێ ڕێگری لێبکات، بەڵام دەتوانرێت بە حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە تاکی کۆمەڵگە بە دەرەنجامە خراپەکانی هاوسەرگیری پێشوەخت ئاشنا بکرێت».

مامۆستا ئەحمەد شافعی ئەندامی لیژنەی فەتوا لە یەکێتی زانایان، سەرەتا ئەوە دەخاتەڕوو کە «دیاردەی هاوسەرگیری بە زۆر و بەشوودانی کچی تەمەن بچووك لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بوونی هەیە و تەنیا تایبەت بە کۆمەڵگەی کوردەواری نییە، لە هەرێمی کوردستانیش ئەم دیاردەیە کەمبۆتەوە و بۆتە حاڵەت و بە دەگمەن بەدەردەکەوێت، ئەویش تەنیا لەچەند ناوچەکەیەکی دوورەشارەکان حاڵەتی وا ڕوودەدات». سەبارەت بە هاوسەرگیری پێشوەختەش لە ڕوانگەی شەرعەوە گوتی: «چەند بیروباوەڕی جیاواز هەیە، یەکێکیان ڕای شافعییەکانە کە پێیانوایە دروست نییە کچی بچووکی خوار تەمەنی باڵغبوون بەشوو بدرێت، بەچەند مەرجێك نەبێت، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو کەسەی کە ئەو کچە بەشوو دەدات، دەبێت باوکی بێت، دووەمیان دەبێت ئەو باوکە عادل بێت، سێیەم ئەو کوڕەی کە لێی مارە ئەکەن، دەبێت لە ڕووی دروستی و خولقیەوە تەواو بێت، چوارەم دەبێت لە نێوانی باوك و کچەکەدا هیچ کێشەیەك نەبێت. هەروەها کە دەڵێ: ئەو باوکە عادل بێت، مەبەستی ئەوەیە کە ئەو باوکە هیچ گوناهێکی نەبێت، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بە مەزهەبی ئیمامی شافیعی باوکێکمان دەست ناکەوێت کە مەرجەکانی عەدالەتی تێدا بێت. کۆمەڵێکی تر لە زانایانیش وەك (قەتادە و تاوس) فەرموویانە ئەگەر کچێکی بچووك بەشوو درا و دوای ئەوەی کە باڵغ بوو، دەتوانێت ئەگەر ئەو هاوسەرگیرییەی بەدڵ نەبوو، بەویستی خۆی هەڵیوەشێنێتەوە. بەڵام (قازی ئیبن شرمە) کە زانایەکی زۆر گەورەیە، فەرموویەتی: «بەشوودانی کچ پێش باڵغبوون دروست نییە، چونکە کچ دوای باڵغبوون و لەکاتی هاوسەرگیری پرسی پێدەکرێت و ئازادە لەوەی کە ڕازی دەبێت یان نا».

د. سەبریە خدر پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی ئافرەتان:

**زانستی پزیشکی ئەوەی دەرخستووە کە باشترین تەمەن بۆ هاوسەرگیری و دووگیانبوون تەمەنی ٢٠ تا ٣٠ ساڵییە، واتا چۆن زۆربوونی تەمەنی دایک بێ گرفت نییە، لە هەمان کاتیشدا بچووکی تەمەنیش گرفت و کێشەی خۆی هەیە و زۆریش مەترسیدارە**

مینا ئاوەکەڵەیی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی:

**بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە تەنیا بەرپرسیارێتی ناکەوێتە سەر شانی حکومەت، بەڵکو ئەرکی هەموو لایەکە کە کار بۆ وشیارکرنەوەی تاکی کۆمەڵگە بکەین و لە خێزانەوە دەست پێ بکەین، چونکە هەتا خێزانێکی رۆشنبیر بەرهەم نەهێنین، ناتوانین کۆمەڵگەیەکی تەندروست بەرهەم بهێنین**



بە بڕوای ئەو مامۆستا ئایینییە «زۆرترین کێشەی کۆمەڵایەتی بەهۆی ئەوە ڕوودەدات، کە کچەکان لە تەمەنێکی منداڵیدا و بەزۆر بەشوو دراون، ئەمەش وادەکات کە گرفتی زۆر نادروستی کۆمەڵایەتی ڕووبدات، لەبەر ئەوە ڕای سێیەمی زانایان کە هاوسەرگیری زۆرەملێیان بەنادروست داناوە، باشترین چارەسەرە بۆکێشەکان».

گوتیشی: «مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی لە ڕۆژی (١٩٩٩/٥/١٠)دا نامەیەکیان دەربارەی بەشوودانی کچی بچووك ئاراستەی لیژنەی فەتوا کرد، کە لە ڕۆژی (١٩٩٩/٥/٢٠) بە نامەیەکی ڕەسمی بەمشێوەیە وەڵامی درایەوە: دوای گفتوگۆ و تێڕوانینی هەموو ئەندامانی لیژنەی فەتوا لەسەر ئەو بابەتە هەستیار و ناسکە، زۆربەی ئەندامانی لیژنەی فەتوا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەمڕۆ زۆربەی ئەو باوکانەی لەم زەمەنەدا بەشێوەیەکی باش کە بەرژەوەندی کچەکەی تێدابێت، هەڵسوکەوت ناکەن، بۆیە هەموو ئەندامانی لیژنەی باڵای فەتوا لە (٢٠/٥/ ١٩٩٩) جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەم عادەتە شتێکی خراپە و گرفتی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئەوکاتە داوامان لە پەرلەمان و حکومەتیش کرد کە ئەم بابەتە بخاتە جێبەجێکردنەوە».

سەبارەت بەچۆنیەتی مەرجەکانی باڵغبوونی کچان، وەك مامۆستا ئەحمەد شافعی باسیکرد، «دوو تێڕوانینی جیاواز هەیە: لەمەزهەبی ئیمامی شافیعی ئەوە خراوەتەڕوو کە کچ لە تەمەنی ١٥ساڵیدا باڵغ دەبێت، بەڵام لە مەزهەبی ئیمامی حەنیفەدا تەمەنی ١٨ ساڵ دانراوە. سەبارەت بەوەش کە ئایا لەڕووی فسیۆلۆژییەوە کچ لەتەمەنی پانزە ساڵیدا دەتوانێ بڕیاری دروست بدات؟ ئەو مامۆستایە دەڵێت: «بێگومان ئێمە بەهۆی ئەو حاڵەتانەی کە ڕۆژانە سەردانمان دەکەن بۆ چارەسەری کێشەکانیان و ئەو کێشانەی کە دێنە لامان بەتایبەتی کێشەی تەڵاق، دەبینین یەکێك لە سەرەکیترین کێشەکانی جیابوونەوەی هاوسەران ئەو کوڕ و کچانەن کە تەمەنیان لە پانزە و شانزە ساڵی بووە، واتە نەك کچە، بگرە ئەگەر کوڕەکەش تەمەنی منداڵ بێت، کێشەی زۆر دروست دەکات».

مامۆستا ئەحمەدی شافیعی لە کۆتایی قسەکانیدا بە پێویستی زانی جیاوازی لەنێوان شەرعی ئیسلام و دابونەریتی کۆمەڵایەتی بکرێت، بۆیە گوتی: «ئەو هەڵسوکەوتە ناشیرین و دڕندانەی کە دژایەتی ئافرەتانی پێدەکرێت، وەك بەکارهێنانی توندوتیژی، ئەوە بەهۆی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و عورفی کۆمەڵگەیە و بەهیچ شێوەیەك ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەگەڵ بەکارهێنانی توندوتیژیدا نییە، بەڵکوو ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەمیشە ئایینێك بووە بۆ دروستکردنی دادپەروەری بۆ هەموو مرۆڤەکان. فقهیش بریتییە لە بۆچوونی کۆمەڵێك زانا، بەڵام شەریعەت بریتییە لە ئایەتە پیرۆزەکان و لە هیچ دەقێکی پیرۆزی قورئاندا نەهاتووە کە بگوترێت کچی بچووك بەشوو بدرێت، یان توندوتیژی دژ بەئافرەت بەکاربێت».

توێژەری کۆمەڵایەتی سیروان عەلی:

**پرۆسەی هاوسەرگیری لە تەمەنی یاسایی شتێک نییە بتوانرێت بە یاسا ڕێکبخرێت، لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی یاسا و بەپێی شەرع دەکرێت، حکومەتیش ناتوانێ ڕێگری لێبکات، بەڵام دەتوانرێت بە حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە تاکی کۆمەڵگە بە دەرەنجامە خراپەکانی هاوسەرگیری پێشوەخت ئاشنا بکرێت**